# یەکگرتوو ئەمەتان لەبری چی...!

گۆران فەتحی
goranfathe@yahoo.co.uk



تا ئێستا چەندین هەوڵ دراوە بۆ لەباربردنی ئەو مادانەی لەنێو دەستوری عێراقیدا هاتووە، ئەمە وێرای چەندین هەوڵی تر بۆ لەکارخستنی حکومەتەکانی دوای روخانی سەدام، کە بەزۆرینە شیعەو کورد پێکیان هێناوە، تا ئێستاش چەندین بڕیار جێ بەجێ کراوە لەلایەن حکومەتی عێراقیەوە هەر لە هەڵوەشاندنەوەی سوپای عێراقی کۆنو هەردوو جیهازی ئیستخباراتو موخابەرات.

بێگومان ئەمەش زیانی زۆری گەیاندووە بەو لایەنە سوننیو بەعسیانەی سەردەمی رژێمی سەدامو هەروەها ئیسلامیو تورکمانە توندڕەوەکان. بۆیە ئەو لایەنانە چەندین جار هەوڵی پوچەڵکردنەوەی ئەو بڕیارانەی حکومەتی عێراقیان داوە، جگە لەوەی کاریان بۆ ئەوە کردووە کە مادەکانی دەستوری عێراقی یان بگۆڕن کە بەگوێرەی دڵی خۆیان بێت، یان ئەو دەستوورە بەتەواوی رەت دەکەنەوە.

کورد هەر چەند لەم حکومەتەدا نوێنەری هەیە بەشداری کردووە، بەڵام زۆر لە داواکاریەکانی کورد تا ئیستا جێ بەجێ نەکراوە، کە گرنگترینیان گەڕاندنەوە ناوچە کوردیە تەعریبکراوەکانە کە کەرکوك بەسەنتەری ئەو ناوچانە دادەنرێت.

دێینە سەر ناوەڕۆکی بابەتەکە کە ئەویش ئەوەیە ماوەی پێشوو کۆنگرەیەك لە شەرم شێخی وڵاتی میسر بەسترا، بۆ چەند لایەنێکی سوننەی توندڕەو بەعسیو تورکمانی جەبهەی داردەستی تورکیاو هەروەها چەند لایەنێکی ئیسلامی، لەوە دەچێت کۆبوونەوەی ئەو لایەنانەو ئەو داواکاریانەی خستوویانەتە روو دژ بەحکومەت ئاسایی بێت لەلای کورد چونکە ئەوانە بۆچوونیان روونە بەرامبەر بەمافی کوردو هەروەها هەڵویستیان بەرامبەر بەحکومەتی عێراقی، بەڵام بەشداربوونی یەکگرتووی ئیسلامی وەکو لایەنێکی کوردیو هەروەها چەند کەسێکی کورد کە تەنها ناوی کوردستانیشیان پێ حەرامەو بە ناوی تەجموعی شیمال بەشداریان کردووە ئەوە شتێکی ئاسایی نییە.

باشە یەکگرتووی ئیسلامی ئەمەی کرد چۆن، ئایە بیری لە دەرهاویشتەی ئەو کارە نەکرد ئەی کوردبوون چییە بە مەنزوری ئەوان، کۆنگرەیەك سالح موتڵەكو بەرەی تورکمانیو ئەو هەموو لایەنە دژ بەکوردەی تێدا بێت، چ پاساوێکیان هەیە بۆ بەشداربوونیان تێیدا، ئەی مافی کوردو گەڕنەوەی ئاوارەکانو گەڕاندنەوەی شارە تەعریبکراوەکانو فیدرالیەت ئەوانە چی بەسەر دێت.

من لێرەدا حەز ناکەم زۆرتر لەسەر ئەو مەسەلەیە بدوێم تەنها ئەوەندە دەڵێم، یەکگرتوو بەم کارەی خۆی لەبەرەی کوردەوە خستە نێو بەرەی دژ بەکورد، کەخۆی لە عەرەبە شۆفێنیو جەبهەی تورکمانیدا دەبینێتەوە، ئەمەش بێگومان هەڵویستیان وەکو حزبێکی کوردیو ئیسلامی دەخاتە ژێر پرسیارەوە، ئەوەی گومانیشی تێدا نییە ئەو بەشداربووانەی ئەو کۆنگرەیە هیچ مافێك بەکورد رەوا نابینن، بۆیە دەبێت یەکگرتوو بەم کارەیدا بچێتەوەو روونکردنەوە بۆ گەلی کورد بدات، ئەگینا جێگای لەهەرێمێکدا نابێتەوە کە ئەو لەگەڵ دوژمنانیدا بچێتە یەك نێو یەك بەرەوە، بۆ ئەوەی مافەکانی بەهەدەر بدات.